کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
22-6-2007 15:01بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## لەپەراوێزی پێکهێنانی ئەنجوومەنی پارتە سیاسییەکاندا.. ئەنجوومەنی باڵای پارتە سیاسییەکان مۆدیلێکی تر لەبەرەی کوردستانی ... ڕاپۆرت: ستیڤان شەمزینانی

ماوەی چەند مانگێکە و لەسەر دەستپێشخەریی هەردوو حیزبی باڵادەستی کوردستان ئەنجوومەنێك بەناوی ئەنجوومەنی باڵای پارتە سیاسییەکان پێکهاتووە کە ژمارەیەکی دیاریکراو لەحیزبە سیاسییەکان دەگرێتە خۆی، ئامانجی ئەم ئەنجوومەنە بەشداریی کردنە لەهەموو ئەو پێشهاتانەی کە لە کوردستاندا دێنە پێشەوە و بەحیسابیش مەرجەعیەتێکی سیاسی دەبێت بۆ بڕیاردان لەبارەی پرسە گرنگ و چارەنووسسازەکان بەشێوەیەکی هەماهەنگ و گشتگیر. هەندێك لەسیاسەتمەدارانی سەربەخۆ پێیانوایە، کاری ئەم ئەنجوومەنە شتێکی جیاوازو گەورەتر نابێت لەوەی ئێستا ئەنجامی دەدەن، بەڵکو هەموو کارە سەرەکییەکان کە ئەنجوومەن دەبێت پێی هەستێت لەژێر بڕیاری دووپارتە سەرەکییەکەدایە و ئاراستەی ئەنجوومەنەکەشیان لەبەرژەوەندیی خۆیان قۆرخکردووە و هەموو ڕووبەرەکەیان کردووە بەمەیدانێك بۆ هێنانەدی هەندێك ئامانج کە دەیانەوێت شەرعییەتێکی گشتگیر و فراوانی پێبدەن.



ئەندامانی پایە بڵندو سەرکردایەتی بەشێك لەو حیزبانەی بەشدارنین لەئەنجوومەنەکەدا بەهەمان شێوە واسەیری ئەنجوومەنەکە دەکەن کە لەپێویستی کارکردنی یەکێتی و پارتییەوە هەڵقوڵاوە نەك پرۆسەیەك بێت بۆ بەشداریی پێکردنی هەموو پارتەکان بۆ بڕیاردان لەسەر هەر دۆزێکی زیندوو لەکۆمەڵگەدا، جگە لەوەش دەرفەتێکە بۆ لەباربردنی هەر بەرەو ئەنجوومەنێکی تر کە بیەوێت بەشێوەی ئۆپۆزیسیۆن کاربکات، بۆیە لە هەموو ڕوویەکەوە ئەم ئەنجومەنە سەرکەوتوو نابێت و یارییەکی تری دوو حیزبە سەرەکییەکەیە بۆ قۆناغێکی دژوارو سەخت لەئەمرۆی بارودۆخی وڵاتی عێراقدا.

شەقامی کوردستان ئەم ئەنجوومەنەی بەهەند وەرنەگرتووە و هیچ بایەخێکی ئەوتۆی پێنادات، تاوەکو متمانەی پێبکات، بەڵکو لەکاتی پرسیار کردنماندا لەبارەی ئەم ئەنجوومەنە ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتیان هەر لەبنەماوە ئەم ئەنجوومەنەیان ڕەت دەکردەوە، بەڵام لەوەش سەیرتر زۆر لەنیوە زیاتری ئەو کەسانەی دواندمانن هەر ئاگایان لەپێکهاتنی ئەنجوومەنێکی لەو بابەتە نەبووە و زۆربەیان دەیانووت ئەمەیان چییە؟ یان دەیانووت ئەمە بۆ یەکەمجارە ناوی ئەو ئەنجوومەنە دەبیستم؟ یان بەگاڵتە جاڕییەوە دەیانووت ناویان لەفەرهەنگدا بڕی ئەوەندە ئەنجوومەن و بەرەو

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

فیدراسیۆنیان دروستکرد، بەچی دەچێت کە ئەم شتانە هەر ناوبن و قتعەی سەر بینایەکی چۆڵ و هۆڵ بن دوور لەبەرژەوەندییەکانی خەڵك؟!.

سۆران مەلاساڵح – دەڵێت: دروستکردنی ئەنجوومەنی پارتەکان دیسان بۆ دەستکورت کردنەوە و بی تواناکردنی حکومەتە، تۆ لەوڵاتێکدا بژیت، حکومەت وەك دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن هەبێت، پەرلەمان وەك دەسەڵاتی یاسایی و لەپەنایدا دەسەڵاتی دادوەرییش هەبێت، ئیتر پێویست بەوە ناکات ئەنجوومەنێك بۆ حیزبەکانیش قوت بکەیتەوە و حکومەت لەئاوازێك بخوێنێت و حیزبەکان لەئاوازێکی تر، پێویستە حیزبەکان سەرقاڵی بابەتی تربن و هەوڵنەدەن دەستوەربدەنە دەسەڵاتەکانی ترەوە چونکە دەبێت حیزب و حکومەت لەدوو بواری جیادا کاربکەن و کارەکانیان ئاوێتەی یەکتر نەکەن.

ڕۆشنا جەمال – وتی: حەز ناکەم حکومی پێشوەخت بدەم، بەڵام بەپشت بەستن بە مێژوو و سەیرکردنی ئەزموونەکانی ڕابردوو دەگەینە دەرئەنجامێك سەرەنجامی ئەم ئەنجومەنەش وەك زۆربەی ئەوانی تر فەشەلە، لەم وڵاتەدا هەموو شتێك هەر سەنەکەوتووە بەڵام بواری سیاسەت لەهەموو بوارەکانی تر خراپترەو زۆرترین شکستی بەخۆیەوە بینیوە ئەوەش لەبەرئەوەی کورد سیاسەتمەداری ڕاستەقینەی نییە، ئەگەر هەشبێت زیاتر بۆ خۆی وەك تاکە کەس کار دەکات نەك بۆ میللەت و گەل، پێموایە لە ئێستاوە دەستی لێهەڵبگرن باشترە تا ملیۆنان دۆلار بۆ ئەنجوومەنەش بەفیرۆ نەدری و ئەنجامیشی نەبێت.

عادل سابیر – وتی: نازانم چەند ساڵە کی دەستی ئەم حیزبانەی گرتووە تا کاری چاك و سوود بگەیەننە ئەنجام؟ ئەم ئەنجوومەنە و نازانم چی و چی دروستکردنە هەمووی فێڵ کردنە لەخەڵکی ڕەشۆك و فەقیر، بۆ ئەم حیزبانە هیچیان کردووە سەرکەوتوو بووبی تاوەکو بڵێین ئەمەیان سەرکەوتوو دەبێت؟ دوای دوو سی ساڵی تر هەر خۆیان لەشاشەی تەلەفزیۆنەوە باس لەوە دەکەن ئەم ئەنجوومەنە هیچ نەبووە و کاری پێنەکراوە چونکە ئەم حیزبانە زۆر شتی تری وەهایان کردووە، بۆ نموونە کە پارتی و یەکێتی شەڕیان بوو کەس دەیوێرا بڵێت خراپە، کەچی ئێستا خۆیان دەڵێن شەڕی نەگریسی ناوخۆ یان دەڵێن هەڵەیەك بوو کردمان، دوایش دێن دەڵێن ئەم ئەنجوومەنە هەڵەیەکی تر بوو لەدەستمان دەرچوو.

چۆمان ئەحمەد دەڵێت: لەبەر ئەوەی ئەم ئەنجوومەنە بنکە فراوانە و زۆر پارت و لایەنی کوردستانی لەئیسلامی و عەلمانی دەگرێتە خۆی شتێکی باشەو دەتوانی تۆزێك ڕۆڵی هەبێت و چیتر پارتی و یەکێتی بەدوو قۆڵی بڕیارەکان دەرنەکەن و بەسەر لایەنەکانی تریدا بسەپێنن بەتایبەتی لایەنە ئیسلامییەکان کە تا ئەم دواییانەش هەر بڕیار بەسەریاندا دەدراو دەبوو ملکەچی بن، بەڵام دوای دوو هەڵبژاردن سەنگیان دەرکەوت بۆیە لەئەنجوومەنێکی لەو جۆرەدا حیسابیان بۆ دەکرێت و ناتوانن بەسەریدا بڕیارەکان بچەسپێنن چونکە ئەم حیزبانە بنکەی جەماوەرییان هەیە و لەناو جەماوەرێکی دیاریکراوەوە هەڵقوڵاون نەك حیزبی مزەوەرو بی توانا بن و بۆ مەبەستێکی کاتی و دیاریکراو دروستکرابن.

ئازاد کەریم وتی: ئەم ئەنجوومەنەی کە تازە بەتازە دروستیان کردووە کتومت هەمان بەرەی کوردستانی کۆنە، بەرەی کوردستانی کاتی خۆی هەر دیکۆر بوو، دەسەڵاتی هەر ئەوەندە بوو ئازوقە بەسەر لایەنەکاندا دابەشبکات یان دوو پێشمەرگەی بەشەڕهاتوو ئاشت بکاتەوە، ئەم ئەنجوومەنە لەوانەیە لەبەرەی کوردستانی کەمتریشی لەدەست بێت چونکە بارو زروف لەچاو سەردەمی بەرەی کوردستانی و هێزی هاوبەشی ساڵی 1991 زۆر گۆڕاوەو ناتوانین لەهیچ ڕوویەکەوە بەراوردیان بکەین،

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
22-6-2007 15:01بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

جا لەوە خەتەرتر نییە بچیت مێژوویەك دووبارە بكەیتەوە كە بەتاقیكردنەوە دەركەوت بی دەستكەوت بوو.

*لای خۆیانەوە ئەندامانی پایە بەرزی لایەنەكانی بەشداربوو لەئەنجومەنی باڵای پارتە سیاسییەكان جەخت لەسەرئەوە دەكەنەوە، ئەنجوومەنەكەیان هەنگاوێكی چالاك و پۆزەتیڤە لەراستای بەگشتیكردنی بڕیاری سیاسی لە كوردستاندا بەتایبەت لەم بارودۆخەدا كە پێگەی كورد لەعێراق و ناوچەكەدا لەبەردەم چاو پێخشاندنەوەدایە، بۆیە دەبێت بەرپرسیارێتییەكە بكەوێتە ئەستۆی تێكڕای حیزبەكان كە گوزارشت لەسەرجەم دانیشتوانی كوردستان دەكەن بەو پێیەی هەر حیزبەو نوێنەرایەتی بەشێك لە جەماوەری كوردستان دەكات بەجیاوازیی ژمارە و قەبارەیەوە لەگەڵ حیزبێكی تر.

لەهەمان كاتدا پێداگریی لەسەر ئەوە دەكەن ئەنجوومەنەكەیان كارتۆنی نابێت و بەكرداریی هەڵوێستیان دەبێت و هەموو لایەنەكان بەبی جیاوازیی ئینتیماو نفوزی جەماوەرییان رۆڵی تێدا دەگێڕن.

Shamzini79@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.